شاڕاو کەسرەت ڕەسوڵ: هەمووان لە پێناو عێراقێکی فیدراڵ و دیموکراتی و فرەنەتەوەو فرە ئایینەدا کار بکەین

لە سلێمانی شاڕاو کەسرەت ڕەسوڵ پشوازی لە وەفدێکی دامەزراوەی بەحر ئەلعلوم کرد کە پێکهاتبوو لە عەلی ئەلغریفی بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە دیداری بەحر ئەلعلوم بە گفتوگۆو د. عەممار ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم بەڕێوەبەری پێیوەندییەکان لە دامەزراوەی بەحر العلوم.

بەگوێرەی نوسینگەی ڕۆژنامەوانی شاڕاو کەسرەت ڕەسوڵ لە دیدارەکدا گفتوگۆ لەبارەی پێیوەندی قووڵ و مێژوویی نێوان بنەماڵەی بەحر العلوم و سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەردوولا جەختیان لە پەرەپێدانی زیاتری پێیوەندییەکان و فراوانترکردنی کردەوە.

وەفدی میوان کارو چالاکییەکانی دامەزراوەکەیان بە شاڕاو کەسرەت ڕەسول ڕوونکردەوەو ئاماژەیان بۆدا کە ئامانجیانە لە چالاکییەکانی داهاتوویاندا ڕەشنبیر و ئەکادیمیانی کورد بەشداری فراوانتر بکەن و هەموو پێکەوە هەوڵ بدەن بە پەرەپێدانی گیان لەبووردن و پێکەوەیی لە عیراق.

لای خۆیەوە شاڕاو کەسرەت ڕەسوڵ دەستخۆشی لە ستافی دامەزراوەکە کرد بە چالاکییەکانیان و هەموو پشتیوانییەکیشی بە دەربڕین و هیوای خواست لە داهاتوودا کاری هاوبەش ئەنجام بدەن و وەك چۆن لە

رابردوودا سەرکردەکانی هەردوولا لەپێناو یەك ئامانج تەکۆشاون، بەهەمان گیانەوە کاربکەن لەپێناو عیراقێکی فیدراڵ و دیموکراتی فرەنەتەوەو فرە ئایین.